# هەرشتێک لە ئاژەڵ ببڕدرێت لەکاتێکدا زیندووە؛ ئەوا گۆشتێکی مردووە

لە ئەبی واقیدی لەیسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە خەڵکی کۆپارەی وشتر و دووگی پەزیان دەبڕیەوە، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرشتێک لە ئاژەڵ ببڕدرێت لەکاتێکدا زیندووە؛ ئەوا گۆشتێکی مردووە (ئەو بەشەی بڕاوە)».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە باسی ئەوە دەکات کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مەدینە خەڵکی کۆپارەی وشتر و دووگی پەزیان دەبڕیەوە ودەیانخوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیان کرد لەسەر ئەم کارەیان، وبنچینەیەکی بۆیان ڕوونکردەوە لەم مەسەلەدا، ئەویش ئەوەیە هەرشتێک ببڕدرێتەوە لە ئاژەڵەکان وەکو کۆپارەی وشتر و دووگی پەز -مەڕ وبزن- یان هاوشێوەی ئەمانە، لەکاتێکدا ئەم ئاژەڵانە زیندوون ئەوا ئەو بەشە بڕدراوانەوە حوکمی ئاژەڵی مردوویان هەیە ونابێت بخورێن، ئەگەر ئەو بەشە پاک بوو ئەوا وەکو پاک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت یان بە پێچەوانەوە، دەستی مرۆڤ پاکە، و دووگی مەڕ پیسە، جگە لەو بەشانەی ئاژەڵ نەبێت وەکو خوریەکەی (سوفەکەی) وپەڕەکەی ومسکەکەی وموەکەی وپێستەکەی ئەمانە پاکن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8364